www.kurdistannet.org
1-5-2003 22:44

بە ناوی کوردستانی گەورە !

# هۆنراوەی میلۆدیك ( خاوەن موسیقا ) ی کوردی

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

پێشەکیەکی داواکراو :

زۆر لە دۆستان، کە ئەم چەشنە هۆنراوانەی من دەخوێننەوە، لە بە ستێنی هۆنراوەی کلاسیکی کوردیدا، بە چەشنە داهێنانێکی تازەی دادەنێن و ناوی ئەم لەونە هەڵبەستەیان ناوە، هۆنراوەی میلۆدیک ( مۆسیقادار) . زۆریان دەفەرموون، کاتێک ئەم هۆنراوانە دەبیستین یا دەیانخوێنینەوە، بە بێ ئەوەی کەسێک بڵێ هی کێیە، بۆخۆمان دەزانین تۆ نووسیوتە. هەرئەودۆستانە هەمیشە دەفەرموون، کە کاتێک ئەم هۆنراوانەت پێشکەش کرد، وا باشە بە لەونێک بە ئەو جێگە گەلەی کە ئەو مۆسیقا تایبەتەی هەیە، ئاماژە بکەی، تا رێنوێنیەک بێ بۆ خۆێنەر. منیش لە سەر ویستی ئەو خۆشەویستانە، وەک نموونەیەک لێرە دا ئەو جێگەگەلەی هۆنراوەی بەهار م بە رەنگی شین نەخشاندوە. لەگەڵ سپاس لە تەواوی دۆستانی هۆگر، بە پێویستی دەزانم بیشی درکێنم، کە من بەر لە میلۆدی بە واتا و پەیامی هۆنراوە گرنگی دەدەم – وتەی پڕ واتا، ئەگەر مۆسیقاشی نەبێ، هەر شازە، بەڵام پێشم وایە، هۆنراوەیەکی پڕ مانا، ئەگەر میلۆدی ( هەوای مۆسیقا) شیلەگەڵ بێ، چاکتر لە سەر رۆح و دڵ شوێن دادەنێ، هەروەک گۆرانیەک، کە ئەگەر لەگەڵ مۆسیقادا بیخوێنینەوە، دڵلاوینترە. دیارە بەکاربردنی وشەی رەسەنیش، سیپاڵی رازەوەی کوردایەتی داکا بە بەر نووسراوە دا.

## بەهار

شنەی شەماڵی ساڵی نوێ، لە دەنگی چەنگ و نەی ئەچێ
نەشەی نەسیمی نەوبەهار، لە مەستی جامی مەی ئەچێ
بزەی هەتاوی دەم بەیان لە کۆشکی سەوزی سەر بەیان (١)
لە ساجی عاج و تاجێ لاج، لە خاج و کاجی دەی ئەچێ
سەرنجی کۆشکی کێوەکان، لە تاج و تەختی کەی ئەچێ
بەفری هەوار و دەم نسار، بە تینی تاو توانەوە
بە هۆی کلیلی تیشکی خۆر، کلیلەکان کرانەوە
هەرەس لە شاخی لێژەوە، لە جێ خەوی لەمێژەوە
دەبنە زنەی زناوی زۆنگ، لە بەندەن و تەلانەوە
شەتاوی ئاوی بەفری ماو، بەرەو بەحر گەڕانەوە
هەوری رەشی پۆڕی نەوی، لە نێو سەما، سەما ئەکەن
لەتەک مژا هەلئەپەڕن، کایە لەگەڵ تەما ئەکەن (٢)
بە ناڵە ناڵ و گاڵە گاڵە، بە رەنگی تاڵ و دەنگی زاڵ
دەتۆقێ کارگ و کانیاو، گاڵتە لەگەڵ کەما ئەکەن (٣)
لە چۆڵ و هۆڵ و دەشت و دەر، دڵۆپی ئاو بەبا ئەکەن
کەوانی کۆلکە زێڕینە، خێوەتی رەنگی هەلئەدا
لە تیشکی رۆژی حەوت شەبەق، دەواری فا تەقەڵ ئەدا
بە چەشنی تاقی نەسرەتە، دروشمی پۆز و شەکەتەو
مەقدەمی چڵ ئەکاتە گوڵ، لە جێی بەدەڵ، خەزەڵ ئەدا
پەرەنگی شەنگ و مەنگی رە نگ، لە کرمەکی کەژەل ئەدا
بووکی سروشتی کێو و کەژ، کراسی گوڵ لەبەر ئەکا
دوندی بلیندی شاخەکان، پەچەی هەڵم لەسەر ئەکا

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

سۆران لە مێرگ و دەشت و دەر ،  خیلێ گەزیزە دێتە دەر
لە سەوڵی شینی بەر کەمەر ، کەڵانە (٤) بۆ کەمەر ئەکا
سروودی سروە سەر ئەدا ، خونکاری شەختە دەر ئەکا

مانای چەند وشە :

(١) بەیان = کێوێکە لە ناوچەی هەوشار.
(٢) کایە لەگەڵ تەما ئەکە = کایە لەگەڵ هەڵمدا ئەکا ؛ کایە لەگەڵ ئارەزودا ئەکا.
(٣) گاڵتە لەگەڵ کەما ئەکەن = کایە لەگەڵ گیای کەمادا ئەکەن ؛ کایەلەگەڵ شتی کەمدا ئەکەن.
(٤) کەڵانە = چەشنە خشڵێکە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت